www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:00 8-3-2007

## ستار ئەكاديمی و 8مارس ودۆڵمە دروست كردن. . . رزگار كۆچەر

Rzgar_kochar@hotmail. com

بەيانی 8 مارسە پورە بەسێيی دراوسێمان بريارى داوە بەيانی دۆڵمە دروست بكات بيكات بە خێرو بەسەر دراوسێكانمان دابەشيان بكات، پورە بەسی چەند ساڵێكە تەسقيف كراوە ئێستا ئەو ئەندامێكی چالاكی يەك لە رێكخراوەكانی ژنانە. . . ببورن ئەندامی ئافرەتانە. . نانا بيرتان هێنمەوە ئەو لەچكە لەسەر دەكات وابزانم ئەندامی رێكخراوی خوشكانە. . . بەخوا دەڵێن جاران كورێكی كاری سياسی كردوە لەگەڵ چەپەكان بووە بۆيە پورە بەسێش هەموو ساڵ لەم رۆژە جگە لە هەريسە بۆ رۆژی عاشورا دولمەش لە هەشتی مارس بۆ رۆژی ژنان دروست دەكات، بێجگە لەوەش پورە بەسی بينەرەيكی چاكی كەناڵەكانی راگەياندنە باوركەن ئەو ناوی هەموو بێژەرەكانی تەلەفزيۆنە كورديەكانی ئەزبەر كردوە وابزانم دەزانی كەمە لەبێژەرەكان عدەسە لە چاوانيان دادەنێن و چ بۆيەك لە قژيان دەدەن، بێجگە لە پرۆگرامەكانی كەم كردنەوەی كێش و خولی كۆلارە دروست كردن كە هەموو منداڵەكانی گەرەك لەسايەی پورە بەسی حاساونەتەوە، بۆيە من پێشبينی دەكەم بەيانی پورە بەسی خەلاتی ژنی گەرەك وەرگرێت!!



من دەڵنيام لەپاش راپەرينەوە تا ئێستا رێكخراوەكانی ژنان وئافرەتان دەيەها ژنی وەك پورە بەسێيان دروست كردوە تەسقيف كردوە كە بەداخەوە ئێستا زۆربەيان لە ماڵی ژنە سەركردەكان پاك كەرەوەن يان مورەبی منداڵە مودەلەلاكانيانن، بی ئەوەی تۆزقالێك لە فيميزنزم و مافەكانی ژنان و ياسای ئەحوالی مەدەنی تێبگەن. . بی ئەوەی ئاگاداری زيادبوونی ژمارەی ئەم هەمووكوشتن ئابرووبردنە بن كە ئێستا ژنان وئافرەتانی كورد رووبەرووبان دەبێتەوە!!

بەپيی دواين ئامار كە وەزارەتی مافی مرۆڤ ی حكومەتی هەرێمی كوردستان بلاوی كردۆتەوە لە دواين شەش مانگی ساڵی رابردوو نزيكەی 285 حالەتی توندووتيژی هەبووە كە زۆربەی حالەتەكانيش كوشتن بووينە كە لە نێوانياندا ئافرەتی سەربراويش هەبووە، بێجگە لەوەش هەمان راپۆرت ئاماژە بە زێدە بونی حالەتەكان دەكات لەگەل ساڵی 2005 كە بەداخەوە لێرە دەكرێت بپرسين ئەی كوا رۆڵی ريكَخرەوەكانی ژنان وئافرەتان؟؟

ئەی كوا دەنگ وقەلەمەی هەق خوازی فيمنزمەكان؟؟

دلنيام بەيانی هەموو ئەو ئافرەتانەی كە لە قوژبنێكی بنكەی جاكسازی چاوەريی ژنێكی حزب دەكەن تا دياريەكيان پێشكەش بكات لە دلی خۆی دا يەها جار هەموو رێكخراوەكانی ژنان وئافرەتان بەنەفرەت دەكەن. . كاتێك ناتوانن لە قسەی زل زێدەتر ئەوی زيندووی مردوو لە كوشتنی پياوە چاو لە ناموسەكان رزگار بكەن، ئەوپياوانەی چاويان لە ناموسی هەموو كەسە!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە کۆتایش دەلێم خوا هەڵ ناگرێت ژنان وئافرەتانی ئێمە جورئەتیان هەیە ئەوا نیە ڕۆژانە لەپاش کۆتا هاتنی مەراسیمی کۆنفراس و ورگ شۆپاکان کی برکێیانە بۆ وێنەگرتن لەگەل ئەو پیاوانەی کە خۆیان بە داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەتان دەناسێنن کەچی پیاوی حزبن!!

ئەی ئەوا نیە لە جیات قسە کردن لەسەر وەدەست هێنانی مافەکانیان پسە پس لەسەر پرایمەکانی ستار ئەکادیمی کەناڵی ئیل بی سی دەکەن لای ئەوان شەزا لە مەروە جوان ترە یان تینا لە سالی دەنگی خۆشترە. . . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.